سەدەهەم تەواو بکات بە ووتنی: (لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ، لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ)^؛ ئەوا خوای گەورە لە گوناهەکانی خۆش دەبێت ئەگەر گوناهەکانی وەکو کەفی سەر دەریاش بن

لە ئەبی هوریرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هەرکەسێک پاش هەموو نوێژێک (نوێژێکی فەرز): سی وسێ جار بڵێت (سبحان الله)، وسی وسێ جار بڵێت (الحمد لله)، وسی وسێ جار بڵێت (الله أكبر)، ئەمە نەوەد ونۆ وسەدەهەم تەواو بکات بە ووتنی: (لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ، لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ)^؛ ئەوا خوای گەورە لە گوناهەکانی خۆش دەبێت ئەگەر گوناهەکانی وەکو کەفی سەر دەریاش بن (لە زۆریدا)». ^(واتە: هیچ پەرستراوێک شایستەی پەرستن نییە بە هەق وڕاستی جگە لە اللە، وهیچ شەریک وهاوبەشێکی نییە، وههموو شتێک مولْکی ئەوە، وهەموو سوپاسێک هەر بۆ ئەوە، وئەو لە سەر ئەنجامدانی هەموو کارێک توانادارە.)

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە ؛ هەرکەسێك لەپاش ئەنجامدانی نوێژە فەرزەکان: سی وسێ جار بڵێت: (سبحان الله) واتە: (پاك وبێگەردی بۆ خوای گەورە، وههموو عەیب وکەموکورتیەك لە ئەو دوورە). وسی وسێ جار بڵێت: (الحمد الله) واتە: (حەمد وستایش بۆ خوای گەورە) ؛ هەروەها ستایشکردنی پەروەردگارە بە سیفەتەکانی کاملْێتی لەگەڵ خۆشویستنی و بەمەزندانانی. سی وسێ جار بڵێت: (الله أكبر) واتە: (پەروەردگار لە هەموو شتێك گەورەتر وشکۆدارترە). لە تەواوکردنی ژمارەی سەد بڵێت: (لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ، لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ) واتە: (هیچ پەرستراوێک شایستەی پەرستن نییە بە هەق وڕاستی جگە لە اللە، وهیچ شەریک وهاوبەشێکی نییە، وئەو تەنها خاوەنی ڕەهای هەموو شتێکە، وبە تەنها ئەو شایستەی ستایش و وەسفکردنە و لەگەڵ خۆشویستنی و بەمەزندانانی، وئەو لە سەر ئەنجامدانی هەموو کارێک توانادارە وهیچ شتێك لە ژێر دەسەڵاتی ئەو دەرناچێت). هەرکەسێك بەم شێوەیە ئەم زیکرانە بڵێت ؛ خوای گەورە لە گوناهەکانی خۆشدەبێت، ئەگەرچیش گوناهەکانی زۆر بن وەکو کەفی سپی کە لە سەرەوەی شەپۆلەکانی دەریا دەردەکەون.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/10948